# وەڵامێك بۆ ڕێكخراوی چاودێری كوردۆساید




پێنجشەممە 6.1.2011

**دەرسیم دیبەگەیی**

Darsim2006@hotmail.com


لە راگەیاندنێکی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید لەژێر ناوی (چاودێری کوردۆساید / چاک (9) ساڵ تەمەنی پڕ لە چالاکی بەڕێکرد)دا، بانگێشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان واتە (ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید) هەوڵی بە دادگاییکردنی تۆمەتبار (نزار خەزرەجی)یان داوە.

راگەیاندنەکەی چاودێری کوردۆساید لە ڕێکەوتی (4.1.2011)دا لە چەندین ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیدا بڵاوکراوەتەوە. تەنیا ئەوەی پەیوەستە بە دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی کە مەبەستی بەندەیە و دەمەوێت ڕوونکردنەوەی لەسەر بدەم، ڕێکخراوەکە بەمشێوەیە نووسیویێتی: <u>(چاک هەوڵی بەدادگایی گەیاندنی نەزار خەزرەجی، وەفیق سامەرائی، عەباسی بایز ئاغا و هادی شاوێس .... و سکاڵا تۆمار کردن لەسەر زۆر تاوانکاری دیکەی کردووە)</u>.

بەر لە هەموو شتێک ئەو دەربڕینەی چاودێری کوردۆساید سەبارەت بە هەوڵەکانی دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی لە دانمارک، ئەگەر بێتوو بۆچوونی تەواوی ڕێکخراوەکەو ئەندامەکانی بێت، کارێکی زۆر بێ ویژدانانەیە و بە کۆدەتایەکی دەزانم، ئەگەریش کەسێک یان چەند کەسانێک ئەو بۆچوونەیان هەیە لەناو ڕێکخراوەکەدا یان هەڵەیەک بووە ڕێکخراوەکە کردوویەتی پێویستە ئەو هەڵەیە راست بکەنەوە و ڕوونکردنەوەیەک ڕابگەیەنن. خۆ ئەگەر سووریشن لەسەر بۆچوونەکەیان با بەڵگەکان بخەنەڕوو!

لێرەدا بەکورتی تیشک دەخەمە سەر هەندێک لە هەوڵەکانی خۆم لەپێناوی بە دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی، کە هەرگیز حەزم بەوکارە نەکردووە، بەڵام کاتێک کە مرۆڤ دەبینێ کەسانێکی تر شەونخوونی و ماندووبوونت بەتاڵان دەبەن، ئەستەمە بۆت بتوانی دان بەخۆتدا بگریت. بێدەنگی لە کارێکی ئاواو وەڵام نەدانەوە مانای پەسەندکردنی بەفیڕۆدانی هەوڵەکانی مرۆڤ خۆیەتی، بۆیە هەروەکو گووتم بەناچاری ئەو وەڵامم دانەوە، هەرکاتێک پێویستیکرد بەڵگەکانیش دەخەمەڕوو:

1. بەندە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی (29.9.2001) پەیوەندی کردووە بە هەردوو کەناڵە تەلەفزیۆنییە زۆرتر ناسراوەکەی ئەوکاتی دانمارکی (DR1 + TV2) بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هەواڵی بوونی سەرۆک ئەرکانی سوپای ئێراق فەریق ڕوکن نزار عەبدولکەریم فەیسەڵ خەزرەجی لە دانیمارک. ئەوکاتە هێشتاکە ڕێکخراوی چاک (ناوەندی هەڵەبجەو دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد) لە دایک نەبووبوو! ئەگەر ئەو ڕێکخراوە کە تا ئەوکات لەدایک نەبووە، خۆ ناشکرێت بڵێن چاک نزار خەزرەجی ئاشکرا کردووە، با وەڵام بدەنەوە.
2. ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (2.10.2001)، دەیان جار پەیوەندیم کردووە بە وەزارەتی دادی دانیمارکی و سەرۆکی دادگای باڵای دانیمارک هێنینگ فوذە (Henning Fode) و، هەمان ڕۆژ سکاڵام لەدژی تۆمەتبار نزار خەزرەجی تۆمارکرد و ناردم بۆ ناوبراو. ئەگەر کەسێکی تر پێش بەندە ئەوەی کردووە یان ڕێکخراوی چاک کە هێشتاکە دروست نەببوو سکاڵای لەدژی خەزرەجی تۆمارکردووە، با بێنە وەڵامم!
3. ئێمە لە دانیمارک کۆمیتەیەکمان لەسەر پێشنیازی خۆم دامەزراند، کە تا ئەوکاتە بەتەنیا زۆر هیلاک بووم و کارەکانم بۆ نەدەکرا. یەکەم کۆبوونەوەمان بۆ ئەو مەبەستە لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی (28.10.2001) لە شارۆچکەی غۆسکیلە (Roskilde)ی نزیک پایتەختی دانیمارک کۆپنهاون بوو، کە هەر ئەو ڕۆژەش (کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی لە دانیمارک) ڕاگەیەنرا، کە دوو مانگ و یەک هەفتە دواتر ئینجا ڕێکخراوی چاک دامەزرا! گومانیش لەوەدا نییە کە هێشتاکە ڕێکخراوێک بوونی نەبووبێت، کەواتە بەدڵنیایی نە نوێنەری ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بووە نە ئەندامێکیشی!
4. دامەزراندنی کۆمیتەیەک لە دانیماک بەم ناوەی سەرەوە، بێگومان بۆ هەوڵی بەدادگاییکردنی تۆمەتبار (نزار خەزرەجی) بووە بە تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان، کەواتە هەر ڕێکخراوێکی تر

جگه له کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی، وانیشان بدات که ئەو هەوڵی بەدادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی داوه دووره لەڕاستی و جێگای متمانه نییه. بەڵام له هەمان کات نه کۆمیتەی خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ بەدادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی له دانیمارک و نه بەندەش نکوڵی له پشتیوانی و هاوکاری ژووری پێشکەوتن خوازان له پاڵتاک، ڕێکخراوی چاک که ئێستاکه بوونه دووبەش (ناوەندی هەڵەبجەو دژ به ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد) و ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید، رۆشنبیران، نووسەران، سیاسەتمەداران، کوردپەروەران، پێشمەرگه دێرینەکان و چەندین پارت، کۆمەڵەو ڕێکخراوی تری کوردستانی و کوردی له کوردستان و هەندەران ناکەین، که هەر له سەرەتاوه هاوکاری و پشتیوانی خۆیان بۆ ئێمه راگەیاند. لەهەمان کاتیشدا ڕێگه نادەین نه به ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید و نه به هیچ لایەن و کەسانێکی تر بەری رەنج، خەبات، تێکۆشان و ماندووبوونی هەوڵەکانی ئێمه بۆ بەدادگاییکردنی تۆمەتبار نزار خەزرەجی سەرۆکی بەناو ئەرکانی سوپای سەدام و ئێراق، بکەن بەهی خۆیان و وا نیشان بدەن که تەنیا خۆیان تاقه شۆڕەسواری گۆڕەپانی هەوڵەکان بووینه لەپێناوی سەرکەوتنی ئەو هەوڵەی کۆمیتەکەمان له دانیمارک!

5. بۆ زانیاری زۆرتر، بەنده له ژماره (3)ی ساڵی سێهەمی ڕێکەوتی (14.4.2006)ی ساڵنامەی ئەنفالستاندا، دیدارێکم لەگەڵدا سازدراوەو ئەو پرسیارەیان ئاراستەکردووم، ئایا هەرخۆت بیرت لەم ئەرکه نیشتمانیه کردەوه یان ڕێکخراوەکانی ترو کەسایەتی تر هاوکارت بوون؟ لەوێ وەڵامی تەواوم داوەتەوه، کێ دەیەوێت بابچێت وەڵامەکەم له لاپەرەکانی (15+16)دا بخوێنێتەوه. ئەوکاته سەرنووسەری ئەو ساڵنامەیه بەڕێوەبەری لقی سلیمانی ناوەندی چاک بوو. ئەمەو له چەندین رۆژنامەو بڵاوکراوەی ئەو سەروەختەدا راستی ئەم پرسەیه ساغکراوەتەوه.
6. لێرەدا لەپێناوی دووباره نەبوونەوەی کارێکی وا لەلایەن هەر ڕێکخراوێک و لایەنێک له داهاتوودا، بەناچاری رایدەگەیەنم که بەنده له مانگی ئەپرێلی ساڵی (2007)دا فەرماندەی پێشووی فەیلەقی پێنجی بنکه له هەولێری سەردەمی ئەنفالەکان له ساڵی (1988)دا لیوا روکن نوعمه فارس حوسێن ئەلمحیاوی به هاوکاری پۆلیس و دادگای دانیمارکی توانیم ئەو تاوانباره له نەمسا – ڤیەنا بدۆزمەوەو، دواتر لەسەر پێشنیازی دادگای دانیمارک که وایان پێ باشتر بوو هەریەک له چەند ئەندامێکی سەربه کوردۆساید و ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید سکاڵامان لەسەر تۆمەتباری ناوبراو تۆمارکردو سکاڵاکانمان بۆ پۆلیسی نەمساوی نارد. هەر کەسێک یان لایەنێک رۆژێک له رۆژان شتێکی پێچەوانەی ئەوه باسبکات، بەدڵنیاییەوه دووره له راستی.